# بیرەوەریی ڕۆژانی حەماسە و فیداکاریی پێشمەرگەکانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

**کەریم فەیزیان**

**بەشی دووهەم:**

بەڵێ چووینە بەردەڕەش، بەراستی لەبەر ئەوەی کە ماوەێك بوو هێزی پێشمەرگەی هیچ لایەنێك لەو ناوەدا نەبوو، وەزعی ناوەوە زۆر دژوار بوو، پێشمەرگە زۆر بە زەحمەت دەیتوانی جەولە بکات. رژیم پروپاگەندەی کردبوو کە پێشمەرگە هەمووی لەسنوورەکان ئاوابوون و نەماون، بەڵام هێزی پۆڵایینی لەبن نەهاتووی گەل بە گشتی و هێزی بەورە و خاوەن باوەری پێشمەرگەی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێرانم بە تایبەتی، بێباك لەو هەموو هێزە تەیار و ناوچە ملیتاریزە کراوە، خۆیان گەیاندەوە ناو خەڵکی شۆڕشگێر و پێشمەرگە پەروەری ناوچەکان. ئەو شەوە تا درەنگانێك لەئاوایی بەردەڕەش ماینەوە و دوی قسەوباسێکی زۆر و کۆبوونەوە لەگەڵ خەڵکەکە، کە بووە هۆی خۆشحاڵی جەماوەر، بەراستی هەستی پاك و نیشتمان پەروەری و شۆڕش دۆستی ئەو خەڵکە کارێکی کردبوو کە نەماندەتوانی و نەمان دەزانی چۆنیان بە جێ بهێڵین، بەڵام بۆ ئێمەی پێشمەرگە و پارتیزان، مانەوەی زۆر لە جێگایێك ناگونجێ و رەنگەزیانی بەدواوە بێ. ئەو گوندانەی باسیان دەکەم هەموویان مۆڵگەی دژمنی داگیرکەریان، یان لەناو گوندەکە دا هەبوو یان لەچەند سەد میتری، هەر بۆیە نەدەکرا بە تێری دڵی خۆمان لەناو جەماوەر دا بمێنینەوە. لەبەر ئەوەی کە پێشمەرگەمان خۆی تەسلیم بە دژمن کردبۆوە، مەجبوور بووین کە شێوە و رێرەوی گەڕانەکەمان بگۆرین کە لەوە پێش دیاریمان کردبوو. بەهەر حاڵ ماڵئاواییمان لەوخەڵکە بەوەفایە کرد و دوایە لەدەری ئاوایی بەرەو کۆخەکانی پشتی بەردەڕەش ڕێگای خۆمان گۆڕی و بۆ بەرزاییەکانی بەینی بەردەڕەش و پیاوێن سەرکەوتین. لەوێ بەسەر ئەو کۆخ و ماڵانانە دابەش بووین و تا رۆژی دوایی درەنگانێك لەوێ ماینەوە و لەبەرزاییەکان چاودێر و پارێزگارمان دانان.دوانێوەرۆ بوو نەفەرێك کە لەلایەن رێکخستنەکانی ناوشاری بانەوە دیاری کرابوو، پێوەندی پێوە کردین و ئاگاداری کردینەوە کە عیسا خۆی تەحویل داوەتەوە و یەك سەر چەکی جاشەتیشی هەڵگرتووە و بۆ تە جاش!. عیسا یەکەم کەس بوو کە سەبارەت بە ئێمە زانیاری دابوو بە دژمن، وەك ئەوە کە چەند کەسین کێ بەرپرسە، چ جۆرە چەك و کەرەستەێکمان پێیە. هەر ئەو برادەرە دڵسۆزەمان ئاگاداری کردینەوەکەهێزێکی زۆر و پۆشتەی دژمن تێکەڵ بە جاش و پاسدار و بەسیجی لەگوندەکانی : سیاوەمە، کانی سوور و زێویە ئامادەکراون و بە نیازن بێنە سەرمان و غافڵگیرمان بکەن و زەربەتمان لێ بدەن. ئێمە لە پلان و بەرنامەی چەپەڵی دژمن ئاگادار کراینەوە، دوای کۆبوونەوەێکی سەر پێیی پێشمەرگانە، هەر ئەو شەوە ئاواییەکانی شێنان و کەشەنێ و پیاوێن دا دەڕوانن بەرێ کەوتین. دەستەییێك لەبرادەرانمان کە خەریك بوو لەبەرزاییەکان نزیك ببنەوە، هەست بەوە دەکەن کە لەسەر لوتکەی چیاکان، هێزی چەکداری لێیە، هەر بۆیە زۆر بە هوشیاری و لەسەر هەست لێیان دەچنە پێش بۆ ئەوەی کە نەکا هێزی پێشمەرگەی لایەنەکانی تر بن و ئەوانیش هەستیان بە جموجۆڵی دژمن کردبێ و ئەو بەرزاییانەییان گرتبێ. بۆ ئەوەی لەو بارەوە تووشی رووداوی ناخۆش و نەخوازراو نەبن لێیان دەچنە پێش و دەنگیان دەدەن. جاش و پاسدارەکان خۆیان بە پێشمەرگەی حیزب لەقەڵەم دەدەن و هاوار دەکەن و دەڵێن ئێمە حیزبین و دەزانین ئێوەش خەباتین، تەقەمەکەن و وەرنە پێش!. بە خۆشیەوە یەکێك لەبرادەرانی ئێمە بە ناوی رەحیم پەخۆل کە بەداخەوە ئێستا لەژیاندا نەماوە، پێشتر لەریزەکانی حیزبی دیموکرات لەهێزی بانە دا پێشمەرگە دەبێ و هەموو پێشمەرگە و بەرپرسانی حیزب لەو هێزەدا باش دەناسێ. هەر زوو بۆی دەردەکەوێ کە ئەوانە حیزبی نین بەڵکو جاش و پاسدارن. هەر بۆیە پێشمەرگەکان لێکرا هێرش دەکەنە سەریان و تەقە دەستی پێکرد. شەڕ ماوەی سەعاتێك بەردەوام بوو، پێشمەرگەکان توانیان ئەو بەرزاییانە لەدژمن وەستێنن و پاشەکشە بەهێزی دژمن بکەن، بەڵام بەداخەوە لەو شەڕەدا دوو پێشمەرگە برینداردەبن و پاشان رژیم کوێرکوێرانە ئەو کێو و دەر و دۆڵ و شاخانەی دایە بەر رەهێڵەی تۆپ و کاتیوشا. ئێمەش بۆ ئەوەی رۆژ نەبێتەوە، بەر لەرووناك بوونەوە بە باشمان زانی شەڕگەگە بە جێ بهێڵین ، هەر بۆیە پارتیزانانە بریندارەکانمان رفاند و بەرەو کوێستانەکانی پشتی مەنیجەڵان دوور کەوتینەوە. شەو و رۆژێك لەو کوێستانانە ماینەوە، خواردنمان پێ نەبوو، هەر بۆیە دەستەییێك لەپێشمەرگەکانمان نارد بۆ ئاوایی کەشەنێ و لەوێوە خواردنی باشیان بۆ هێنایین. دوای کە باش حەساینەوە و زانیمان حاڵی بریندارەکانمان باشە و جێگای مەترسی نین، کوێستانمان بە جێ هێشت و هاتینە خوار مەنیجەڵان و لەوێوە بۆ نجنێی سەروو و لەوێشەوە بۆ سپیدارێ، کە لەسپیدارێ بووین رژیم دووبارە هێزێکی زۆری تری لە کۆخان کۆکردبۆوە کە دووبارە بە خەیاڵی خۆی هێرش بکاتەوە سەرمان. بەڵام کە زانیان هەموو بەرزاییەکان و شوێنە حەستەم و حەساسەکان لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە گیراوە، نەیان توانی جموجۆڵ بکەن. رۆژی دواتر چووینە گوندی بێلوو و لەوێ هێزی پێشمەرگە بە باشی حەسایەوە. لەوێ بەمەبەستی بەرز کردنەوەی وەرەی پێشمەرگەکان و زەربەتدان لەدژمن و دڵخۆش کردنی خەڵك بەتایبەت کە هێزی پێشمەرگەی هیچ لایەنێکی تر لەناوچەکەدا نەبوو و هێزەکانی حیزب و کۆمەڵە بەشەڕی براکوژییەوە خەریك بوون، بڕیاری عەمەلیاتێکی بەرچاوی بەرینمان لەسەر جادەی بانە سەردەشت دا و چووین لەنێوان گوندەکانی کۆخان و سەیدسارم و کانی سوور بە درێژایی پێنج کیلۆمیتر جادەمان گرت و بۆسەمان دانایەوە، بۆ ئەو کارە دەستەێکمان لەلای بریندار و کەل و پەلەکان لەپشتی مەیدانی شەڕ دانا، دوو دەستەشمان بۆ مۆڵگەکانی سەیدسارم و کانی سوور و بەرنگاربوونەی هەر هێزێکی یارمەتی دەر بۆ دژمن دانا و دوو دەستەشمان، دەستەێك لەمەڵبەندی یەك بۆ سەر پردی سەید سارم و ئێمەش دەستەییێك هی مەڵبەندی سێ بۆ جادە لەنزیك گوندی کانی سوور دیاری کراین. هەر کام بەرەو شوێنی بۆ دیاری کراو کەوتینە رێ، هەر کە لەجادە نزیك بووینەوە کەمینەکانی دژمن لەسەر جادە، وەك دەعبای خوێری کلکیان لەگەڵۆز گرتوو بە تەختی جادەدا بەرەو مۆڵگەکانیان هەڵاتن، هەر بۆیە ئێمەش بە بێ تەقە بۆ بازدید چووینە سەر جادە. هەواڵمان هەبوو و دەمان زانی کە ماشێنی ئەرتەشی و سپا، یان ئەو نیروەی کە لەکۆخان مۆڵدرابوو، بەرەو بانە دەگەرێتەوە و بە تایبەتیش کە رۆژ زۆری بەدەمەوە مابوو. ئەوەندەی پێ نەچوو کە دوو ماشێنی سپای پاسداران لەکۆخانەوە بەرەو بانە دەهاتن. دەستە پێشمەرگەکەی مەڵبەندی یەك لەسە پردی سەیدسارم، دایاننە ەر دەسرێژ و لەماوەێکی زۆر کەم دا یەکێك لە ماشێنەکانیان دەست بەسەر دا گرت و کەل و پەلەکانیان لەگەڵ خۆیان هێنان و سەرنشینەکانی هەموویان تێدا چوون. ماشینی دووهەمیش کەوتە کەمینی قارەمانانی مەڵبەندی سێ و کەسیان دەرنەچوون و کەل و پەل و چەك و چۆڵی ئەوانیش کەوتە دەست شێرە کوڕانی سازمانی خەبات و بەو جۆرە هەر دوو ماشینەکان ئاوریان تێبەردرا و بوونە خۆڵەمێش. ئەوەی کە شایانی باسە، ئەوانەی کە لەو ماشێنانەدا بوون فەرماندەر و بەرپرسانی هێزێکی سپای پاسداران بوون کە بۆ شەڕی عێراق لەجیبهەی گمۆ بوون، کە بەڵگەنامە و مەدارکێکی زۆریان لێگیرا کە هەموویان ئێستاش لە بەردەست سازمانی خەبات دان. دوایە کە هێزی ورە داڕماوی دژمن لەهیچ لایەکەوە بە هاواریانەوە نەهات، پێشمەرگەکان بەوشەوە نەوەستانەوە هەر دوو مۆڵگەی سەید سارم و کانی سووریان هەر بەو چەك و تەقەمەنییەی کە لەدژمنیان گرتبوو، دایە بەر ئاگری چەکەکانیان و خەسارەتێکی بەرچاویان بە دژمن گەیاند، هێشتا رۆژی زۆر مابوو کە سەرجادە و مەیدانی شەڕەکەمان بە جێ هێشت و بە بێ هیچ چەشنە زیانێك بە هەموو دەستکەوتەکانەوە بەرەو گوندی زەرواوی سەروو رێکەوتین. تا درەنگانێکی شەو لەنێو شادی و خۆشحاڵی خەڵکی شۆڕشگێری ئەو گوندەدا ماینەوە. بەراستی پێشوازییێکی زۆر گەرمیان لێ کردین بەو چالاکیەمان زۆر دڵخۆش بوون و گەشانەوە، بەتایبەت کە دەمێك بوو زەربەی وا کاریگەر لەدژمن نەدرابوو لەناوچەکەدا. لەبەربەیانی دا گوندی زەروامان بە جێ هێشت و بەرەو بەرزاییەکانی پشتی میراوای سەرو و سەرقوڵ کەوتینەرێ. لەوێ لەو سەر شاخە بەرز و دڵگیرانە دانیشتین و ئیسراحەتی باشمان کرد. سەعات۱۰ی بەیانی رۆژی دوایی بوو کە دژمن بە هێزێکی زۆر لەبانە و کۆخانەوە هاتنە شوێنی عەملیاتەکە و ماشێنە سووتاو و جەنازەی کوژراوەکانیان بردنەوە و زۆر باشیش دەیان زانی کە ئێمە لەو بەرزایانەین، بەڵام وەریان نەبوو، خۆیان لە قەرەی رۆڵە فیداکارەکانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بدەن. بالێرەدا ئەوشتان وەك بیرەوەرییێکی خۆشی ئەو سەردەمە بۆ باس بکەم کە لەکاتی حەسانەوەمان لەو بەرزاییانە، یەکێك لەبرادەرانی پێشمەرگە کە رۆژژمێری فەرماندە کوژراوەکەی رۆژی پێشووی پێ بوو و دەیخوێندەوە لەئاخری هەموو رۆژێك دا کابرا نووسیبووی ئەلحەمدوولیلا بە خێر گوزرا. ئەو پێشمەرگە کە لەبەر خۆیەوە دەی خوێندوە لەپڕ گووتی: بەڵام ئەمرۆ بە خێر نەگذشت!.

درێژەی هەیە...

# درێژەی بوونی ناوەندێك بۆ لاوان تا چەند پێویستە لەم قۆناغەدا!!!

کوردستان بەتایبەت بەرەو ڕوو بوو لاوانی کوردستان لە پێش ڕوخانی رژیمی شایەتی وەك هێزێکی ئازادیخواز لە کۆمەڵگادا چالاکیان دەکرد بۆ رووخانی رژیمی شا و هاتنەدیی ئازادی، بەتایبەت لە کوردستان لاوان ئەوندە خوێن گەرم و بەجۆش بوون کە پشتیوانیان لە هەر بزوتنەوەییێکی ئازادیخوازی دەکرد و هەر ئەوە بووە هۆی ئەوە ببنە پێشرەوی لاوانی باقی ناوچەکانی ئێران.

لە دوای سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران و بە دەسەڵات گەیشتنی رژیمی ئاخوندی و و لە سەرەتاوە هەڵوێستە فێڵاویەکانی سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوەیی کورد و لە دوایی دا هێرشە سەربازی و پروپاگەندەییەکانی بۆ سەر خەڵکی کوردستان، لاوان پێش هەموو چینەکانی دیکەی کۆمەڵگا کەوتنە خۆ و لە بەرانبەریاندا بێ هەڵوێست نەبوون و زۆربەی فیداکاریەکانی ئەو ماوەیە لەلایەن لاوانەوە کرا و بۆ پارێزگاری لە نیشتمان و بەرنگار بوونەوەی هێزەکانی رژیم لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان پێشیان بەو هێزانە گرت. لە راستیدا لاوانی کورد بە درێژایی شۆرشی مافخوازی ئەو گەلە، سوتەمەنی شۆرش بوون و بە هەزاران لاوی کورد لەو پێناوەدا خوێنیان رژاوە.

لاوی کورد نەك هەر لە بەرەکانی شەڕی پاریتیزانی پێشرەو و فیداکار بوون، لە دوای داگیرکردنەوەی کوردستان لەلایەن رژیمی دژ بە کوردی خومەینیەوە، دەورێکی بەرچاویان بینی لە پشتیوانی کردنی شۆرش لە شار و دێ کانی کوردستان و دەنگ و داواکانی شۆرشیان بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەگەیاند و بەربەستی گەورە بوون لە پەرەسەندنی سیاسەتە چەوتەکانی رژیم لەو ناوچانە.

رژیم کە دەیبینی کە لە ناو کۆمەڵانی کوردستان و بەتایبەت لە ناو لاواندا هیچ پێگەییێکی نیە و بەردەوام بەرنگاری هەیە لە بەرانبەر سیاسەتەکانی دا، بە هیچ شێوەییێك ئامادە نەبوو بۆ ئاسوودەیی و خزمەتگوزاری کوردستان هەنگاو هەڵگرێ و یەکێك لە سیاسەتەکانی هێشتنەوەی خەڵکی کوردستان بوو بە هەژاری و برسیەتی بۆ ئەوەی خەڵك بە دوای بژێوی رۆژانەی خۆیەوە بێت.

لەلاییێکی دیکەوە بەوەوە نەوەستاو لە رێگەی دەست و پێوەند و مۆرەکانیەوە بە دەیان جۆر مەوادی موخەدیری هێنا کوردستان و هەرزان فرۆشی کرد و پەرەی پێدا. قسەییێك لە ناو خەڵکدا باوە کە دەڵێن محەممەدی رەحیمی ئوستانداری رژیم لە کاتی سەرۆك کۆماری ئاخوند رەفسەنجانی دا لە یەکێك لە کۆبوونەوەکانی بەرپرسانی رژیمدا بە شانازیەوە دەڵێ: من چەکم لە دەست لاوانی کورد وەرگرت و تریاك و مەوادی موخەدیرم بە دەستیانەوە دا.

هەر بە پێی ئەو باسانەی کە لە پێشدا کران لاوان پێویستیان بە ناوەندێکە یارمەتی دەر و هاوکاریان بێ بۆ دەربازبوون لەو قەیرانانەی تێی کەوتووە. و لێرەدا باسێك لە چۆنیەتی پێکهاتە و کارەکانی بکەین.

دامەزرانی ناوەندی لاوان لە ئێستادا و ئەرکەکانی دەبێ چی بێ؟

لێرەدا دێینە سەر ئەوەی کە ئەرکی ئێمە لە حاست ئەو کێشانەی بۆ لاوانی وەڵاتەکەمان هاتۆتە پێش چیە و پێویستە بۆ داهاتوو چ رێگەییێك بگرینە بەر کە نەك هەر رێگە لە تەشەنە و زەرەری زیاتر لەو بارەوە بگرین بەڵکوو هەوڵ بدەین بۆ ریشە کێش کردنی کێشەکانی لاوان و کۆمەڵگا بەگشتی.

دیارە پێش ئەوەی ئێمە بیرلە دامەزرانی رێکخراو یا ناوەندێکی لەو جۆرە بکەینەوە دەبینین کە چەندین ناوەند و رێکخراوی دیکە لایەن حیزب رێکخراوە کوردستانیەکانی دیکەوە دامەزراون و ئێستا بە پشتیوانی حیزبەکان لە چالاکی دان. دەبێ چ کەلێنێك لە خەباتی ئەو رێکخراوانەدا هەبێ کە ئێمە بمانەوێ بە دامەزراندنی ئەو ناوەندە پڕی بکەینەوە.

لە دەرەجەی یەکەم دا و لەم هەل و مەرجەدا پێویستە ئەو ناوەندە هەوڵ بدا بۆ بەرەو سەربردنی زانیاری لاوانی ناوخۆی سازمانی خەبات لە سەر ویست و داواکانیان و بە شێوەییێکی باش رێکیان بخا کە تا ئێستا لەو بارەوە هەنگاوێکی باش و بەرچاو هەڵنەگیراوە.

هەروەها پێویستە جیاواز لەو لاوانەی لە چوارچێوەی سازمانی خەباتدان، رێکخەری ئەو لاوانەیش بێت کە بە دەر لە سازمانی خەباتن و لەو بارەوە پانتاییێکی فکری و کاری هەبێ و لەو بارەوە سنوورێك نەبێ، هەوڵ بدا بۆ گەشە پێدانی هەستی نەتەوەیی لە لاواندا بەتایبەت ئەو لاوانەی لە وەڵاتانی ئوروپایی دان، هەروەها کۆمیتە و بەشەکانی دیاری بکرێ.

لە کاتێکدا کە هەل و مەرجی پۆلیسی باڵی بە سەر کوردستاندا کێشاوە و بنکە و بارەگای ئەو رێکخراوە لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان دەبن، دەتوانێ چ کارێکی بەرچاو و گرینگ بۆ لاوان بکا؟ بە بینینی ئەو بەڵایانە کە لاوانی کوردستانی گرتۆتەوە رێکخراوی لاوان دەبێ هەموو هێز توانای بخاتە گەر بۆ ئاگادار کردنەوەی ئەو لاوانەی کە بە هەر ناو و شێوەییێك تووشی کێشەکان بەتایبەت مەوادی موخەدیر هاتوون و بە پێی توانا هەوڵ بدا لە بنکەکانی دا رێ و شوێن دیاری بکا بۆ چاك کردنەوەی موعتادان و بارهێنانیان لە خزمەت بە دۆزی رەوای نەتەوەکەمان و یا بە هاواریانەوە بچێ، هەروەها لاوان لە سیاسەتە دژە گەلیەکانی رژیم ئاگادار بکاتەوە و هاندەریان بێ و پشتیوانیان لێ بکا. لەلاییێکی دیکەوە بتوانێ پەل بهاوێژێ بۆ زانکۆ و خوێندنگاکان و کاری رێکخراوەیی پەرە پێ بدا و رێ نیشاندەری لاوان بێ بۆ وەدیهێنانی ماف و ئازادیەکانیان و رێگە خۆشکەر بێ بۆ ئەوەی لاوانی خوێندەوار لە کار و ئەرکەکاندا دەوریان هەبێ.

بۆ دامەزرانی ئەو رێکخراوە پێویستە هەر لە سەرەتاوە کۆمیتەییێکی ئامادەکاری چ لە باشووری کوردستان چ لە وەڵاتانی ئوروپایی پێك بێ و بە هاوکاری یەك کار بکەن بۆ بەستنی کۆنگرەی یەکەم لە کوردستان و هانی ئەو لاوانەی کوردستانی ئێران کە لە باشووری کوردستان نیشتەجێن بدەن کە بەشداری لەو کارە پیرۆزەدا بکەن. بەو هومێدەی پەلە بکرێ لە دامەزراندنی ئەو رێکخراوە و لاوانی کوردیش چالاکانە بەشداری بکەن و خزمەت بکەن بە چینی لاو و پارێزەرێکی راستەقینەی لاوان بن.

***